## بەیاننامەی ڕێکخراوی چوار چرا بۆ هونەر ورۆشنبیری

بەڕێزان سڵاو:

ئێمە لە ڕێکخراوی ئازادی بۆ هونەر ورۆشنبیری کە لە بەرواری 2004/1/18 دامەزراین و سەر بە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کۆمیتەی پارێزگای کەرکوکی حزبی شیوعی کوردستان بووین و کۆمەڵێ کار و چالاکی هونەری جۆرا وجۆرمان پێشکەش کرد بە جەماوەری شاری کەرکوک. لەوانە دامەزراندنی تیپی مۆسیقا و تیپی شانۆ وپێشکەشکردنی دەیان بەرنامەی تەنز ئامێز بەناوی (ستۆدیۆ پەح) لە ڕێگای کەناڵی ئازادی کەرکوک و شانۆگەری (ئێمە ودیموکراسیەت کوجا مەرحەبا) و دەیان کاری هونەری تر.

لە دانیشتن وکۆبوونەوەی ڕێکخراوەکەمان لە کاتژمێر 10ی سەر لەبەیانی ڕۆژی هەینی 21/7/ 2006 لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە بڕیارماندا ناوی ڕێکخراوەکەمان بگۆڕین بۆ (ڕێکخراوی چوار چرا بۆ هونەر ورۆشنبیری) و لەمڕۆکە وەکو ڕێکخراوێکی سەربەخۆ کار وچالاکییەکانمان ئەنجام بدەین.

1- خستنی سانسۆری حزبی لەسەر کار وچالاکییەکانمان کە نەئەگونجا لەگەڵ پرنسیپەکانی ئازادی ودیموکراسی کە ئەمڕۆکە لە کوردستان بانگەشەی بۆ دەکری

2- بڕینی مووچەی ئەندامانی ڕێکخراوەکەمان بەبی هیچ هۆیەک لەکاتێکدا وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان بۆمانی بڕیوەتەوە.

3- دەستێوەردانی حزبی ناوبراو لەکار وچالاکییەکانمان.

4- دوورخستنەوەی پێنج ئەندامی ڕێکخراوەکەمان هاوکات مووچەکانیشیان حزب وەردیدەگری بۆ خۆی.

5- هەموو مانگێک بڕی (90) هەزار دینار لە بنەماڵێکی شەهیدی ڕێکخراوەکەمان دەبڕی بەبی هیچ هۆیەک.

6- چەندین جار ئاگاداری حزبمان کردووە لە هەموو کردارە نابەجێیانەی کە دەرهەق بە ڕێکخراوەکەمان دەکرا. دواهەمیینیان بە نوسراوێکی ڕەسمی لە ڕێکەوتی 2006/7/6 بوو کە دوا ئاگاداری بوو بەڵام هەمیسانەوە بی سوود بوو هیچ وڵامێکیان نەدایەوە بۆیە ئێمەش ئەمڕۆ دوا بڕیاری خۆمان دا بەو جۆرەی سەرەوە کە دەستنیشانمان کرد.

ئیتر هەر بژین
ڕێکخراوی چوار چرا بۆ هونەر ورۆشنبیری
کەرکوک 21/ 7/ 2006